وەزارەتی ناوخۆ: نابێت هیچ چەکێک لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەتدا بوونی هەبێت

وەزارەتی ناوخۆ ئەمڕۆ یەکشەممە دووپاتی کردەوە کە هیچ چەکێک جگە لەوانەی لەدەستی دەوڵەتدایە ڕێگەپێدراو نییە، هەروەها ناتوانرێت هیچ نەریت و یاسایەک دەربکرێت یان جێبەجێ بکرێت جگە لەوانەی کە پێشتر کاریان پێکراوە.

عەقید عەباس بەهادلی، وتەبێژی وەزارەت، بەپێی ئاژانسی هەواڵی فەرمی کەموتەع بەدواداچوونی بە کردووە ڕایگەیاند: "ململانێ عەشایەریەکان دیاردەیەکی نەرێنی و ناشارستانین، هەروەها هەڕەشە لە ئاسایش و ئاشتی کۆمەڵایەتی دەکەن و بە هیچ شێوەیەک قبوڵکراو نین." ئاماژەی بەوەش کرد کە "دەزگا ئەمنییەکان کار دەکەن بە کەمکردنەوەی ئەم تاوانانە و ئەوەی بە (هەڕەشەی خێڵەکی) دەناسرێت، ئەمە هاوبەشییەکی ڕاستەقینەمان لەگەڵ دادگا هەیە و ئێستا ئەم کردەوانە لە چوارچێوەی یاسای ٤ی تیرەردا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت."

بەرپرسەکەی وەزارەتی ناوخۆ وتیشی: "هەر کەسێک لە کاتی ئەنجامدانی ئەم تاوانانەدا دەستگیر بکرێت، ڕەوانەی دادگا دەکرێت و دادگا بەیاری کۆتایی خۆی بەپێی ماددە یاساییەکان دەدات." جەختیشی کردەوە کە "وەزارەتی ناوخۆ بە هیچ جۆرێک ئەم ململانێیانە قبوڵ ناکات و بەردەوام لە جێبەجێکردنی یاسا و سەقامگیرکردنی ئاسایش."

خاڵ گرنگەکانی تری لەدوانەکەی وتەبێژ: نابێت هیچ چەکێک هەبێت جگە لە چەکی دەوڵەت، و هیچ دابونەریتێک ناتوانێت جێگەی یاسا کارپێکراوەکان بگرێتەوە ، و وەزارەت بە توندی مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشانە دەکات و ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە تەوەگلاوان لەژێر لەکەینەوەدان و زەریشیان سزایان بەسەردا سەپێنراوە و بەهادلی داوای لە عەشایەر عەراقییەکان کرد پابەندی یاسا بن و زانیاری بدەن لەسەر هەر کەسێک کە هەوڵی تەکدانی ئاشتی کەمەڵایەتی دەدات. هیوایشی خواست ڕەحی لەبوردەیی بەاوببێتەوە و بە چارەسەری کێشەکان پەنا بە توندوتیژی و چەک نەبرێت.

لە کۆتاییدا جەختی کردەوە کە "یاسا ڕوون و ئاشکرایە و بەکارهێنانی چەک قبوڵ ناکات، هەر کەسێکیش ئەو کارە بکات بەپێی یاسا لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت."